زاكۆی سەلاحەدین – هەولێر

Salahaddin University – Erbil

# یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوک

## "بەراوردکردنی لەگەڵ شێوە ئاخاوتنی هەولێر"

پێشکەش بە بەشی زمانی ( کوردی ) کراوە ، وەک بەشێک لە پێداویستیەکانی بەدەستهێنانی بڕوانامەی بەکالۆریۆس لە زانستی ( زمان)دا٠

ئامادەکراوە لەلایەن:

هێڤی صباح اسماعیل

سەرپەرشتیار :

د.ڕێژنە سیف الدین حسن

٢٠٢٣

پێشکەشە بە :

-بەو کەسانەی ئامانجیان گەیاندنی زانست و زانیارییە نەک تەنها بۆ بەدەستهێنانی ناوبانگ و پلە و پایە .

## سوپاس و پێزانین:

- زۆر سوپاس بۆ خودای بەخشندە و میهرەبان کە تاکە هێزی من بووە لە هەموو هەنگاوەکانم و هەوڵەکانم.
- زۆر سوپاسی دایک و باوکی ئازیزم دەکەم کە دەرفاتیان پێدام و پاڵپشتم بوون تا خوێندن تەواو بکەم.
- زۆر سوپاسی مامۆستایەکانم دەکەم لە قۆناغی دەست پێکردنم تا ئەمڕۆ بە تایبەتی مامۆستای سەرپەرشتیارم (د.ڕێژنە سەیف الدین ) دەکەم کە ئەرکی کێشا لەم توێژینەوەیە.
- زۆر سوپاسی هەموو ئەو کەسانە دەکەم کە تەنها بە ووشەیەک بێت یارمەتی دەرم بوون.

## پوختە

فۆنۆلۆژی یەكێكە لە لقە زمانەوانیەكان كە دەكەوێتە سەر سیستەمی دەنگی و زمان و جێ شوێنی توخمەكانی دەنگ لە زنجیرەی وتەدا دەستنیشان دەكا لەم لقەدا (بابەتی وەک دەنگ ، فۆنیم ، بڕگە ، وشە ، ستریس ، نەزم و كێش قسە دەكرێت ) هەر كۆمەڵگایەكی زمانی شێوازی نوسینی هەبێت یان نا لە ژمارەیەكی سنوردار فۆنیم كەڵک وەردەگرێت كە پێویست نیە لە فۆنیمی زمانەكانی تر ، ئەو دەنگانەی كە لە سیستەمی دەنگی هەر زمانێک دەبنە هۆی جیاوازی واتایی لە وشەكاندا و دابەش ناكرێت بە فۆنیم دەناسرێت توێژینەوەكە بە ناونیشانی ( یاسا فۆنۆلۆژیەكان لە شێوە ئاخاوتنی كەركوک ) كە ئامانج لێی دەستنیشانكردنی گرنگترین یاسا فۆنۆلۆژیەكانی شێوەی ئاخاوتنی كەركوكە میتۆدی توێژینەوەكە وەسفی شیكارییە ئەم توێژینەوە لە دوو بەش پێكهاتووە ، لە ئەنجامی ئەم توێژینەوەیە گەیشتینە ئەو ئەنجامەی كە ( یاسا فۆنۆلۆژیەكان هۆكارێكن بۆ جیاوازی شێوازی ئاخاوتنی ناوچە جیاجیاكان كە دواجار دەبێتە هۆكارێک بۆ دروست بوونی شێوەزارەكان ، وە زۆربەی وشەكان لە شێوەی ئاخاوتنی كەركوک لەم نمونانەی وەرگیراون لەم توێژینەوەیە یاسای دەنگ گۆڕكێ دێت بە ڕێژەی (٦٠ ٪ ) ، پەیابوونی دەنگ بە ڕێژەی ( ٢٣ ٪ ) وە یاسای سوانی دەنگ( ١٧ ٪ ) ، وە هەوەها یاساكانی تری وەک یاسای جێگۆڕكێی دەنگ و یاسای تەبایی و یاسای هەڵوەشانەوە و یاسای گونجان و نەگونجان

به ڕێژەی ( ٠ ٪ ) ، کەواتە لێرەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە لەم شێوە ئاخاوتنە دا زۆرترین یاسای دەنگ گۆڕکێ دەبیندرێت ، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ویستویانە بە کەمترین ووزە مەبەستەکەیان بگەیەنن ٠

## ناوەڕۆک


پێشکەشە بە :.......................................................................................... ٠
سوپاس و پێزانین:.......................................................................................... ١
پوختە:.......................................................................................... ٢
پێشەکی.......................................................................................... ٥
بەشی یەکەم:چەمک و پێناسەی فۆنیم و یاسا فۆنۆلۆژیەکان لە زمانی کوردیدا:.............................. ٧
١٠چەمکی فۆنیم.......................................................................................... ٧
٢٠پێناسەی فۆنیم:.......................................................................................... ٨
٠٣ فۆنیمەکانی زمانی کوردی.......................................................................................... ٨.
٤٠خۆماڵیکردنی فۆنیمە وەرگیراوەکان.......................................................................................... ٩
٥٠یاسا فۆنۆلۆژیەکانی زمانی کوردی.......................................................................................... ١٠
١٠یاسای سوانی دەنگ.......................................................................................... ١٠
٢٠یاسای هاتنە ناوەوەی دەنگ.......................................................................................... ١١
٣٠یاسای دەنگ گۆڕکێ.......................................................................................... ١٢
٤٠یاسای جێ گۆڕکێ دەنگ.......................................................................................... ١٣
٠٥ یاسای تەبایی.......................................................................................... ١٤
٠٦ یاسای هەڵوەشانەوە.......................................................................................... ١٤
٧٠یاسای گونجان و نەگونجان.......................................................................................... ١٥
بەشی دووەم:نمونەی پراکتیکی لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوک (بەراوردکردنی بە شێوە ئاخاوتنی هەولێر ):............ ١٨
١٠شاری کەرکوک.......................................................................................... ١٨
٢٠تیرەکانی کەرکوک.......................................................................................... ١٩

نەخشەی شاری کەرکوک.................................................................................... ٢٣
ئەنجام................................................................................................................. ٢٤
ڕێژەی یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوک.............................................................. ٢٤
سەرچاوەکان.......................................................................................................... ٢٥
یەکەم: پەرتووکەکان:................................................................................................ ٢٥
دووەم:نامە ئەکادیمییەکان:........................................................................................... ٢٦
سێیەم:سایتە ئەلیکترۆنیەکان:......................................................................................... ٢٧

پێشەکی

**-ناونیشانی توێژینەوەکە :**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بریتیە لە (یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە شێوە ئاخاوتنیکەرکوک بەراودرکردنی لەگەڵ شێوە ئاخاوتنی هەولێر) لە ئاستی دەنگسازی دا ٠

**-هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە :**

یاسا فۆنۆلۆژییەکان گرینگی زۆریان هەیە لە زماندا هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە ئەوەیە، کە یاسا فۆنۆژییەکان لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوک زۆر توێژینەوەی لەبارەوە ئەنجامدراوە هەوڵماندا بە شێوەیەکی کارەکی کار لەسەر هەندێ یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوک بکەین، کە هۆزێکی دیاری نێو کوردستانە بەراوی بکەین لەگەڵ شێوە ئاخاوتنی هەولێر.

**-ئامانجی توێژینەوەکە:**

ئامانج لەم توێژینەوە وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکە :

-مەبەست چیە لە یاسا فۆنۆلۆژییەکان ؟

-گرنگترین یاسا فۆنۆلۆژییەکانی شێوەی ئاخاوتنی کەرکوک چیە ؟

-کام یاسای فۆنۆلۆژی لە هەموو یاساکانی تر زیاتر بەرچاو دەکەوێت ؟

**-ڕێبازی توێژینەوەکە :**

ڕێبازی ئەم توێژینەوەیە وەسفی شیکارییە ٠

**-سنوری توێژینەوەکە :**

لە چوارچێوەی دەنگسازیە باس لە فۆنیم دەکات لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوکدا بەراودرکردنی لەگەڵ شێوە ئاخاوتنی هەولێر٠

**-ناوەڕۆکی توێژینەوە :**

ئەم توێژینەوە لە دوو بەشی سەرەکی پێکهاتووە جیا لە ئەنجام و سەرچاوە و پوختەی توێژینەوە ٠

بەشی یەکەم ئەم بابەتانە لەخۆ دەگرێت : (چەمک و پێناسەی فۆنیم ، فۆنیمەکانی زمانی کوردی ، خۆماڵی کردنی فۆنیمە وەرگیراوەکان ، یاسا فۆنۆلۆژیەکانی زمانی کوردی ) ٠

بەشی دووەم بریتیە لە ناساندن و باسکردنی شاری کەرکوک و تیرەکانی هۆزی کەرکوک و نەخشەی کەرکوک ) وە لە کۆتاییدا لیستی سەرچاوەکان و ئەنجام و پوختەمان خستۆتەڕوو٠

## بەشی یەکەم

## چەمک و پێناسەی فۆنیم و یاسا فۆنۆلۆژیەکان لە زمانی کوردیدا

### چەمکی فۆنیم

فۆنیم وشەیەکی فەڕەنسیە کە بە واتای دەنگی (دەنگێکی) زمانی دێت ،وەک زاراوەیەکیش فۆنیم بۆ یەکەم جار لە ساڵی(١٨٧٣) لەلایەن (Defrich Desgenettes )بەکارهاتووە دواتریش سۆسێر لە خستنەڕووی بۆچوونەکانی خۆی پشتی بە زاراوە بەستووە بەڵام چەسپاندنی ئەم زاراوە لە لێکۆلینەوە زمانەوانییەکاندا بۆ ئەو ئەنجامانە دەگەڕێتەوە

زمانەوانەکان بەپشت بەستن بە فۆنیمی تاقیگەیی لە ڕێگەی شیکردنەوەی دەنگ ، کە توانیان سیفەت و سیما جیاکەرەوەی هەر دەنگێک لەم دەنگە زمانیانە بەدی بکەن٠( دزەیی،محمد،ساڵح،٢٠١٥:ل١١٣)

## ٢-پێناسەی فۆنیم:

زاراوەی فۆنیم چەندین پێناسەی جیا جیای بۆ کراوە لەوانە :

فۆنیم:فۆنیم واتای نیە بەڵام واتا دەگۆڕێ ئەمەش بەبێ بوونی ووشە و مۆرفیم ڕونادات.( محێددین،٢٠١٣: ٨٨)

فۆنیم:بچوکترین دانەی فۆنۆلۆجیە لە زمانێکی دیاریکراودا کە ئەرکی جیاکردنەوەی واتا بەجێ دەهێنێ٠

بۆیە دەتوانین بڵێین فۆنیم بچوکترین دانەی زمانیە ، بە لابردنی یاخود جێگۆڕینی فۆنیمێک فۆنیمێک دەبێتە هۆی گۆڕینی واتا٠

بۆ نمونە:

| | |
|---|---|
| بیر | فۆنیمی (ب) |
| تیر | فۆنیمی (ت) |
| شیر | فۆنیمی (ش) |

[illegible]

## ٣- فۆنیمەکانی زمانی کوردی

سەبارەت بە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی ڕێککەوتنێکی ئەوتۆ نییە لە نێوان زمانەوانەکان بۆ نمونە :هەیانە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٦) فۆنیمە ، هەشیانە ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٧) فۆنیم دادەنێ ، هەندێکی تر ژمارەی فۆنیمەکانی دەگەیەنێتە (٤٠) فونیم ، هەر ئەمەش وای کردووە بڵێین زمانەوانەکانی کورد لەسەر دیاریکردنی ژمارەی فۆنیمەکانی زمانی کوردی ڕێککەوتوونین ، دەسنیشانکردنی فۆنیمیش لە هەر زمانێک بە چەند ڕێگەیەک دەبێت دیارترین ڕێگەش لەو ڕێگایانە ، ڕێگای جوتۆکەیە ئەو وشانە دەگرێتەوە کە لەهەموو دەنگەکان وەکو یەکن تەنها لە یەک دەنگدا جیاواز بێ ، ئەم تاکە دەنگە واتای وشەکان دەگۆڕێت ٠

| جوتۆکە | فۆنیمی تازە | ژمارە |
| --- | --- | --- |
| دار،زار | د،ز | ٢ |
| چەق، حەق | چ، ح | ٢ |
| ناو،خاو | ن، خ | ٢ |
| شێر،شیر | ێ،ی بزوێن | ٢ |

نەبزوێن (ب،پ،ت،د،گ،ک،ج،چ،س،ش،ق،ف،م،ڤ،ز،خ،ن،ل،ڵ،ر،ە،ڕ،و،ی)

بزوێن

(ا،ە،وو،و،ۆ،ی،ێ، بزرۆکە)

فۆنیمەکانی زمانی کوردی (٣٤) فۆنیم(دزەیی،محمد،ساڵح.٢٠١٥:ل١١٧-١١٩)

## ٤-خۆماڵیکردنی فۆنیمە وەرگیراوەکان

خۆماڵیکردنی فۆنیمە وەرگیراوەکان لە ڕێگای خۆماڵیکردنی ووشە بێگابەکان دەکرێت ئاشکرایە هەموو زمانێ دەستوری فۆنۆلۆجی تایبەت بەخۆی هەیە ، ووشەی بێگانە بخرێتە ژێر کاریگەری فۆنۆلۆجی خۆی بەرگی خۆماڵی بەبەردا بکەن ، هەندێ ووشەمان هایە لە زماندا ناتوانین لایان بدەین وەک (حەج،زکات،عمره٠٠٠) (دزەیی،محمد،ساڵح،٢٠١٥:ل١٢٣-١٢٥)

واتە بە وەرگرتنی فۆنیمی زاراوەیەکی تر و کە دەستکاری دەکەین و وای لێدەکەین بگونجێت لەگەڵ دەنگ و پیتی خۆماڵی زاراوەکەی خۆمان٠

| ووشەی عەرەبی | عەرەبی بەکوردیکراو |
| --- | --- |
| ذلیل | زەلیل |
| قرض | قەرز |
| مظاهرة | مزاهەرە |
| عیراق | ئێراق |
| مقص | مقەس |

کەواتە خۆماڵیکردن تاکە چارەسەری گرفتی ناسەقامگیری زمانی کوردی ئەم دیاردەیەش لە هەموو زمانانی جیهان بەرچاودەکەوێ٠

## ٥-یاسا فۆنۆلۆژیەکانی زمانی کوردی

مەبەست یاسا فۆنۆلۆژییەکان ئەو یاسایانەن کە لە ئەنجامی چوونە پاڵیەکی دەنگەکان لە سنوری وشە و مۆرفیمدا پەیدادەبن گرنگترین یاساکان ئەمانەن :

١- یاسای سوانی دەنگ

٢-یاسای هاتنە ناوەوەی دەنگ

٣-یاسای دەنگ گۆڕکێ

٤-یاسای جێ گۆڕکێ

٥٠یاسای تەبایی

٦-یاسای هەڵوەشانەوە

٧-یاسای گونجان و نەگونجان

### ١-یاسای سوانی دەنگ

بریتیە لە لەناوچوونی دەنگێک یان زیاتر کە لە سەرەتا و ناوەڕاست و کۆتایی وشە ڕوودەدات ٠ (حەمید،٨٧،٢٠٢٠)

بۆ نمونە:

شاخەکە+ان=شاخەکان /ە/سواوە

بکە+ەوە=بکەوە /ە/سواوە

قوتابی+ین=قوتابین /ی/سواوە

حەوت+سەد=حەوسەد /ت/سواوە

هەڵ+هاتن=هەڵاتن /ە/سواوە

ڕۆژ+ێک=ڕۆژێ /ک/سواوە

ماست+ئاو=ماستاو /ئ/سواوە

بم گوتبا+ایە=بم گوتبایە /ا/سواوە

لە+ئەو=لەو /ئە/ سواوە

گا+ئاسن=گاسن /ئا/سواوە

دەمرێ+ێت=دەمرێت /ێ/سواوە

**-سوانی دەنگ** بەشێکی تر لە هاودەنگەکان لە ئەنجامی سوانی دەنگێک یا دوو دەنگ پەیادەبن٠

وەک: (ددان) لە پاش سوانی /د/، /بزرۆکە/( ددان) دەبێتە (دان) کە بە مانای جیاواز دێت وەک (دانەوێڵە ، پێدان ) هەروەها بەمانای ددانیش دێت لە شێوە ئاخاوتنی سلێمانی٠(علی،١٩٨٩:ل٣٠)

## ٢-یاسای هاتنە ناوەوەی دەنگ:

دەرکەوتنی دەنگ زیاتر بۆ جیاکردنەوەی دوو بزوێن دەبێت کە بۆ ئاسان کردنی دەربڕین و نەهێشتنی تەم ومژە٠(دزەیی،٢٠١١:ل١١١)

هەندێ جار لە ئەنجامی کۆبونەوەی ڕەگی ووشەیەک و پاشگرێک دەنگێکی نوێ پەیدا دەبێت بۆ جیاکردنەوەی بزوێنەکان٠(حەمید،٢٠٢٠:ل٨٧)

دیارە ئەم پەیابونەش چەند هۆکارێکی جیاوازی هەیە:

١٠زۆرجار دوو بزوێن دەکەونە پاڵ یەکتریئەوە لەم حاڵەتەدا نەبزوێنێک دێتە نێوانیان چونکە لە زمانی کوردیدا ناکرێ دوو بزوێن بەدوای یەکتردا بێت٠

٢-هۆکاری زار و شێوەزارچونکە هەندێ دیاردە هەیە تەنیا لە هەندێ شێوەزاردا بەدی دەکرێت بەو واتایەی مەرج نییە لە شێوەزارێکی تردا بەدی بکرێت٠(خۆشناو،٢٠١٤:ل٩١)

١٠پەیدابوونی نەبزوێن

چرا+ەکە=چرایەکە

بچۆ+ەوە=بچۆرەوە

بڕ+ا=بڕرا

نۆ+دە=نۆزدە

ب٠پەیدابوونی بزوێن

خاڵ-خاڵۆ

دەر-دەرێ

چار-چارە

### ٣-یاسای دەنگ گۆرکێ

لەم گۆڕانەدا دەنگێکی ووشەیەک لە قسەی هەندێک کەسدا دەگۆڕێ بە دەنگێکی تر لە قسەی خەڵکی تردا ، بە واتایەکی تر هەمان ووشە لە دوو فۆڕم یان زیاتردا دەبینرێ بە هەمان واتا٠(بابەکر،٢٠٠٩:ل١٠)

واتە ئەو وشە جیاوازەی کە لە دوو فۆنیمی جیاوازدا هەیە تەنیا دەبێتە هۆی گۆڕینی فۆڕمی وشەکە نابێتە هۆی گۆڕینی واتا ٠

ئەمەش شوێنگرتنەوەی فۆنیمێک یان زیاتر بە فۆنیمێکی تر یان چەند فۆنیمێک لە سنوری ووشەکەیدا٠(اسماعیل،٢٠١٣:ل٢١٠)

١٠گۆڕینی نەبزوێن بە نەبزوێن

دەخۆم-ئەخۆم

بنیاد-بنیات

بەد-بەو

دەربەند-دەربەنگ

چار-چاڤ

هەسپ-ئەسپ

ئەرز-عەرز

عەقڵ-ئەقڵ

خەم-غەم

کۆلێج-کۆلێژ

بەشدار-بەژدار

٠٢گۆڕینی بزوێن بۆ بزوێن

نێو-ناو

ئیمساڵ-ئەمساڵ

ڕێگا-ڕێگە

خانوو-خانی

قەنج-قنج

٠٣ گۆڕینی زیاتر لە دەنگێک

وێ-ێ

نوێژ-نێژ

خوێ-خێ

وێ-ی

خوێن-خین

## ٤-یاسای جێ گۆڕکێ دەنگ

یەکێکیتر لە دیاردە دەنگەکان شوێن گۆڕینە کە ئەویش بریتیە لە گۆڕینی شوێنی فۆنیمێک بە فۆنیمێکی تر ، واتە جێ گۆرکێ کردن بە فۆنیمەکان لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر٠(صاڵح،٢٠١٢:ل٨٧)

*ئەم جێ گۆڕکیەی دەنگیش هەندێ جار پەیوەندی بە چینی کۆمەڵایەتی و ئاستی ڕۆشنبیریەوە هەیە:

خوێندەوار نەخوێندەوار

جومعە            جوعمە

ڕوبح            ڕوعب

*جێ گۆڕکێی نێوان دوو زار

بەفر-بەرف

*جێ گۆڕکێی تاکە زارێک

بڕوانە-بنواڕە

جوێن-جنێو

*جێ گۆڕکێ لە نێوان ئەو وشانەی لە بنچینەدا کوردین

ملیۆن-ملوێن

ڕادیۆ-ڕادوێ

## ٥- یاسای تەبایی

دروستبوونی فۆنیمێکی تازەیە لە ئەنجامی لێکدانی دوو فۆنیمی جیاواز واتە تێکەڵ بوون و ئاوێتە بوونی دووفۆنیمە بۆ داڕشتنی فۆنیمێکی نوێ (لێرەدا دوو دەنگ دەچنە سەریەک بە تایبەتی لە کۆتایی ووشەدا و دەنگێکی جیاواز دەهێننەکایەوە کە ناچێتە سەر هیچ کامیان٠(محێددین،٢٠١٣:ل١١٢)

بەیەکەوە-پێکەوە  (ب+ە)=(پ)

بەردەکە+ان=بەردەکان (ە+ا)=(ا)

هاتەوە-هاتۆ/وە/-(و)

## ٦- یاسای هەڵوەشانەوە

بریتیە لە هەڵوەشاندنەوەی فۆنیمێکە بۆ دوو فۆنیم کە لە بنچینەدا دوو فۆنیم بووە و بوونەتەوە یەک فۆنیم٠(اسماعیل،٢٠١٣:ل٢٢٠)

کۆن-کەون( ۆ)=(ە+و)

پێکەوە-بەیەکەوە (پ)=(ب+ە)

## ٧-یاسای گونجان و نەگونجان

*گونجان

هۆی روونی ئەم دیاردەیە بە گشتی دەگەڕێتەوە بۆ بارودۆخی ئەندامانی دوان و ڕێکخستنی و گونجانی جوڵانەوەی ماسولکەکان لە کاتی درکاندنی دەنگەکاندا ئەم کارەش دەبێتە هۆی پەیدابوونی گونجان لەناو دەنگە دراوسێکاندا کە بە چەند سایەی فۆنۆلۆژی دەست نیشان دەکرێن و لێک دەدرێتەوە٠(صالح،٢٠١٢:ل٨٢)

گونجان: بریتیە لە گۆڕانی دەنگێک بۆ دەنگێکی تر تەنیشتی خۆی یان نزیک لە خۆی بۆ نمونە زۆرجار (ز) لەبەردەم هەندێ دەنگی کپدا وەک (س) گۆ دەکرێت:

گەزین-گەست،گەستی

پارێز-پاراستن،پاراستی

گەلێک جار (ژ) کە دەکەوێتە پێش هەندێ دەنگی کپەوە وەک (ش) گۆ دەکرێت:

ڕژان-ڕشتی،ڕشتن

کوژرا-کوشتی،کوشتن (جەمیل،٢٠١٥:ل٢٧)

١٠گونجاندنی تەواو

لەم جۆرە گونجانەدا دەنگێک دەگۆڕێ بۆ ئەوەی بە تەواوی لە دەنگێکی تربچێت ، واتە دەنگێکی کارتێکراو دەگۆڕێت بە دەنگی کارتێکەر ئەم دیاردەیەش پێی دەگوترێت گونجاندنی تەواو٠(خۆشناو،٢٠١٤:ل٧٧)

*فۆنیمی/د/

مۆرفیمی یەکەم کۆتای بە (ز،م،ف،ن،ک،و،ر) هاتبێ مۆرفیمی دووەمی (د) بێ ئەوا (د) وەکە مۆرفیمی دەنگی یەکەمی لێدێ٠

حەڤ+دە=حەڤڤە

کرد+تان=کرتتان

خەت+دار=خەددار

فۆنیمی/ب/

کاتێ دەنگی (ب) لە دوای دەنگی (م) دێ دەبێتە (م)

شەمبە-شەممە

لێم بە-لێم مە

ب٠گونجانی ناتەواو

لە گونجاندنی ناتەواو دا (واتە سیفەتێک) لە دەنگەکە دەگۆڕێت بۆ ئەوەی جۆرە گونجاندنێک پەیدابکات لەگەڵ دەنگێکی تردا٠(صالح،٢٠١٢:ل٨٣)

جۆرەکانی گونجان بریتین لە :

١٠گونجان لە ڕووی ژێداری دەنگەوە:

لەم کاتەدا بەدی دەکرێت کە دەنگی کپ دەگۆڕێت بۆ دەنگی گڕ٠

(س+ز) وسبە=وزبە

(ش+ژ)پشمین=پژمین

ب٠گونجان لە ڕووی کپیەوە (لە ڕووی بێژێیەوە):

ئەمە لەم کاتەدا بەدی دەکرێت کە دەنگی گڕ دەگۆڕێت بۆ دەنگی کپ٠

(ژ+ش)ڕۆژتان باش=ڕۆشتان باش

(ز+س)بەرزکردنەوە=بەرسکردنەوە

ج٠گونجان لە ڕووی قەڵەو بوونەوە:

بریتیە لە کاتی گۆڕانی دەنگی سوک بۆ دەنگی قەڵەو٠

سەڵتە-سڵطە

سڵق-صڵق

تۆز-طۆز

د٠گونجان لە ڕووی لێو خڕبوونەوە:

هەریەک لە دەنگەکانی (ل،گ،ک،ق،د)٠

(لوول-گۆم-کوڕ-قوڵ-دۆ)

ه٠گونجان له ڕووی سازگەوه:

بەرانبەر-بەرامبەر

قەنبور-قەمبور

/ن/بوکیه له ڕووی سازگەوه گۆڕاوه بۆ /م/ که له ڕووی سازگەوه لێویه٠

*نەگونجان

دوو دەنگی لەیەکچوو دوردەکەونەوه له یەکتر بەوەی یەکێکیان واز له تاتبەتیەکەی خۆی بهێنێ بۆ سەر لێ تێک نەدان٠(اسماعیل،٢٠٠٩:ل١٦٧)

## بەشی دووەم

## -نمونەی پڕاکتیکی لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوک (بەراوردکردنی بە شێوە ئاخاوتنی هەولێر

### ١-شاری کەرکوک

مێژووی دروست کردنی شاری کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆ چەرخێکی ئاڵۆز،بەڵام قەڵاکەی بەڵگەی ئەوەیە کەکەرکوك شارێکی گرنگی مێژوویە, کەلە ماوەی گەشەکردنی شارستانیەتی -Misopotamia)وادی رافیدین (دا دروست کراوە. کەنزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش زایین دەبێت. لەسەر دروست بوونی شاری کەرکوك بیروبۆچونی جیاجیا هەیە لەم باسەدا بەکورتی چەند بۆچونێك دەخەینەروو لەوانە-:

یەکەم -:گۆتیەکان یەکەمین نەتەوەن کەبنیادی شاری کەرکوکیان ناوەو خاوەنی راستەقینەی کەرکوکن کە سۆمەری وئەکەدی دان بە ناوچەو مەملەکەتێکی گۆتی دا دەنێن کە پایتەختەکەیان (ئاراپخا) بووە . هەروەها مێژوی ئاوەدانی شارەکە بۆ ساڵانی نێوان (٤٥٠٠- ٣٥٠٠ پ.ز) دەگەڕێتەوە, کاتێك دانیشتوانی رەسەنی کوردستان لەپێدەشتی ئەمڕۆی شارەکە لەسەر قەڵای کەرکوك بنیادی کەرکوکیان ناوە لەژێرناوی) ئارا پخا.(Arrapha -
دووەم -: مێژوی بنیادنانی شاری کەرکوك دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی بابل وکلدانیەکان دا , بۆیە لەمێژویکلدانیەکاندا شاری کەرکوك بە( ئارفە - ئارەفە ) ناو براوە.
سێیەم -:بۆچونێکی تر دەڵێت: یەکەم خشتی ئەم شارە بەدەستی (لۆلۆیەکان) دانراوە. کەمال مەزهەر لەگەڵ ئەم بۆچونەیە و دەڵێت لۆلۆیەکان شاری کەرکوکیان بنیادناوە

نوسین ولێکۆڵینەوە لەسەر شارێکی دێرینی وەك کەرکوك زۆر هەڵدەگرێ, چ لەرووی مێژوو وشۆێنەوارە دێرینەکانی, چ لەرووی گرنگیو ستراتیجی شارەکە وشوێنی جوگرافیەکەی وسامانە سروشتیەکانی , بێگومان کەرکوك وەك شارێکی دێرینی سەر خاکی کوردستان, هەر لەسەردەمە کۆنەکانەوە رۆڵی گرنگی بینیووە لەڕوداوە مێژووییەکاندا لەچاو ناوچەکانی تری کوردستانەوە , ئەویش بەهۆی بایەخی سەربازی وئابووریو هاتو چۆی ناوچەکەوە بووە, بۆیە هەمیشە داگیرکەران هەوڵی داگیرکردنیان داوە, لەبەر ئەوە دەبینین ئەو شارە زۆرترین ماوەی مێژووی لەژێر چنگی رەشی داگیرکەرانی خاکی کوردستان بووە, تاوەکو لە١٠ نیسانی ٢٠٠٣دا بەئازادی

شاد بۆیەوە جا لەو ماوانەدا کە داگیرکەر ناوچەکەی بەڕێوە بردووە, هەمیشە لەهەوڵی کاولکردن وشێواندنی شوێنەوار وگۆڕینی ناوە کوردیەکان وتێکدانی باری نەتەوەی شارەکەدا بووە, ناحەزانی ئەم خاك وئاوە ویستویانە ئەم شارە لەسەر نەخشەی کوردستان بسڕنەوە و خەڵکەکەشی قڕ بکەن لەو پێناوەشدا هەوڵی جدی دراوە بەتایبەتی لەسەر دەستی دەسەڵاتی نارەوای حکومەتە یەك لەدوایەکەکانی عێراق. بۆیە ئێمە چەند لەسەر کەرکوك وکورد بوونی کەرکوك بنوسین هێشتا کەمە, ئەمەش هەوڵێکی کەمەو لێکۆڵینەوەیەکی کورت وخێرایە سەبارەت بەناوو بنیادنان وجوگرافیاو کورتەیەکی مێژوی کەرکوكو شێواندنی باری نەتەوەییو سنوری جوگرافی, کارگێری پارێزگای کەرکوك .kurd.com [http://www.chawy](http://www.chawy)

## ٢-تیرەکانی کەرکوک

سنووری پارێزگاری کەرکوک لە ڕووی بوونی زاری جیاوازی زمانی کوردییەوە ناوچەیەکە فرەزمانی پێوە دیارە ، زارەکانیشی بە شێوەیەکە کە هەریەکەی سەر بە دیالێکتێکی گەورەیە و لە سەردەمێکی مێژوو ییدا زمانی ئەدەبی بووە و خاوەن شیعر و ئەدەبیاتی خۆی بووە ، زارەکانی پارێزگاری کەرکوک لە ناوچە جیاجیاکاندا جیاوازییان بە ڕادەیەکیی زۆر زەحمەت یا لە یەکتری تێناگەن ، مەگەر بە زارە گشتیەکەی قسە بکەن ئەویش زاری گەرمیانی و کەرکوکیە٠

کەم پارێزگا هەیە وەکو ئەم پارێزگایە هۆزی زۆری لێبێت وەکو:

(شوان،تاڵەبانی،ساڵەیی،بییانی،شێخ

بزینی،جاف،داودە،کاکەی،گل،جەباری،شێخانی

وبەرزنجی،زەنگەنە،پاڵانی،قەڵاسێوەکەیی،دەلۆ،هەمەوەندی،ڕۆژبەیانی،لەک،کەڵوی ، سیامەنسوری) زۆربەی ئەم هۆزە کوردانەی کەرکوک بەزاری جیاوازی جیاواز قسەدەکەن و زاری جیاوازی خۆیان هەن زارەکانیشی ئەمانەن:

(شوانی،کاکەیی و زەنگەنە و جەباری و شێخانی (زمانی ماچۆ قسە دەکەن) ،گەرمیانی،کەرکوکی،جافی،شێخبزێن،بییانی،شۆریجەیی٠٠٠)ن هتد٠(شوانی،٢٠٠٩،ل٨٠-٨١)

## -یاسا فۆنۆلۆژیەکان لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوک:


لەم خشتەیەدا وشەکانی شێوەی ئاخاوتنی کەرکوک بەرامبەرکردنی لەگەڵ هەمان وشە لە کوردی هەولێر و ئەو گۆڕانانەی کە لە ڕووی دەنگسازییەوە بەسەریدا هاتووە خراوەتەڕوو:

| کەرکوک | هەولێر | یاسا فۆنۆلۆژیەکان | دەنگ |
|---|---|---|---|
| مەنجەڵ | مەنجەر | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ر- ڵ |
| نەعلە | نەعل | یاسای پەیابوونی دەنگ | ە |
| بازنگ | بازن | یاسای پەیابوونی دەنگ | گ |
| ئێمە | ئەمە | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ە – ێ |
| کەرەویز | کەرەوز | یاسای پەیابوونی دەنگ | ی |
| چوار | چار | یاسای پەیابوونی دەنگ | و |
| تو | ئەتو (تۆ) | یاسای دەنگ گۆڕکێ<br>یاسای سوانی دەنگ | ۆ – و<br>ئە |
| دەم | دەو | یاسای دەنگ گۆڕکێ | و – م |
| دگان | ددان | یاسای دەنگ گۆڕکێ | د – گ |
| گوڵ | گور | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ر – ڵ |
| قادڵمە | قادرمە | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ر – ڵ |
| لەچۆی | لەچێی | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ێ – ۆ |
| خەیار | خیار | یاسای پەیابوونی دەنگ | ە |
| مەلحەم | مەرحەم | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ر – ل |
| بۆ | لۆ | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ل – ب |
| ترۆزی | تەرۆزی | یاسای سوانی دەنگ | ە |
| مزگەوت | مزگەفت | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ف – و |
| ماڵ | مار | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ر – ڵ |
| چای | چا | یاسای پەیابوونی دەنگ | ی |
| منداڵ | مندار | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ر - ڵ |
| گیران | گریان | یاسای پەیابوونی دەنگ<br>یاسای سوانی دەنگ | ی<br>ی |
| ئەڕۆم | دەڕۆم | یاسای دەنگ گۆڕکێ | د – ئ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| دوێنێ | دونێ | یاسای پەیابوونی دەنگ | ێ |
| نیمەڕۆ | نیوەڕۆ | یاسای دەنگ گۆڕکێ | و – م |
| ئەڵێم | دەرێم | یاسای دەنگ گۆڕکێ | د – ئ<br>ر – ڵ |
| ئەخۆم | دەخۆم | یاسای دەنگ گۆڕکێ | د – ئ |
| من | ئەمن | یاسای سوانی دەنگ | ئە |
| هەنگوین | هەنجین | یاسای دەنگ گۆڕکێ<br>یاسای سوانی دەنگ | ج – گ<br>و |
| ئەفرۆشم | دەفرۆشم | یاسای دەنگ گۆڕکێ | د – ئ |
| چۆخە | کۆخە | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ک – چ |
| سوراو | سۆراو | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ۆ - و |
| گوستیلە | ئەنگوستیلە | یاسای سوانی دەنگ | ئەن |
| نەوت | نەفت | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ف – و |
| حەوت | حەفت | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ف – و |
| گۆرەوی | گۆریە | یاسای پەیابوونی دەنگ | ەو |
| کرد | کردیە | یاسای سوانی دەنگ | یە |
| گوێ | گێ(جێ) | یاسای پەیابوونی دەنگ | و |
| سۆپا | سۆبە | یاسای دەنگ گۆڕکێ | بە - پا |
| کڵاش | کراش | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ر - ڵ |
| گێسک | گسک | یاسای پەیابوونی دەنگ | ێ |
| دوانزە | دوازدە | یاسای دەنگ گۆڕکێ | د - ز |
| چۆر | کۆرە | یاسای دەنگ گۆڕکێ<br>یاسای سوانی دەنگ | ک – چ<br>ە |
| سەرینگا | سەرین | یاسای پەیابوونی دەنگ | گا |
| هێنا | هینا | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ی - ێ |
| قۆڵ | قۆر | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ر – ڵ |
| سوور | سۆر | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ۆ - وو |
| دۆڵمە | دۆرمە | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ر – ڵ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| پێخەنین | پێکەنین | یاسای دەنگ گۆڕکێ | ک - خ |
| مدیر | مودیر | یاسای سوانی دەنگ | و |

# نەخشەی شاری کەرکوک



## ئەنجام


لە کۆتایدا گەیشتینە چەند ئەنجامێک :

١٠یاسا فۆنۆلۆژییەکان گرنگی زۆریان هەیە لە زمان ، هۆکارێکە بۆ جیاوازی زارەکان٠

٢٠زۆربەی وشەکان لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوک لەم نمونانەی وەرگیراون لەم توێژینەوەیە یاسای دەنگ گۆڕکێ بە پلەی یەکەم دێت بە ڕێژەی (٦٠ ٪ ) و و پەیابوونی دەنگ بە ڕێژەی ( ٢٣ ٪ ) سوانی دەنگ بە ڕێژەی ( ١٧ ٪ ) و یاساکانی جێ گۆڕکێ و تەبایی و هەڵوەشانەوە و گونجان و نەگونجان لەم توێژینەوەیە بە ڕێژەی ( ٠ ٪ ) کە هیچ وشەیەک نەکەوتۆتە ژێر یاسا ئەم یاسایانە٠

٠٣ زۆر بە کەمی وە دەتوانین بڵێین کە یاساکانی جێ گۆڕکێ و تەبایی و هەڵوەشانەوە و گونجان و نەگونجان لەم شێوە ئاخاوتنەدا بەدی ناکرێت کە دەکرێت هۆکارەکەشی بۆ ئەوە بگەڕێتەوە کە شاری کەرکوک فرە هۆز و تیرەکە لەوانەیە لە تیرەیەکی تر ڕێژەیەکی جیاوازتر بەدی بکرێت بە وەرگرتنی زانیاری لەسەر تیرەکانی تر و کە ئەم توێژینەوەیە لە تیرەی یاخود هۆزی (ساڵەییە) ٠

## ڕێژەی یاسا فۆنۆلۆژییەکان لە شێوە ئاخاوتنی کەرکوک




## سەرچاوەکان

### یەکەم: پەرتووکەکان:

١٠دزەیی و محمد و ساڵح،عبدالواحید مشیر،دانا تەحسین،دەروون عبدالرحمان(٢٠١٥)،فۆنەتیک و فۆنۆلۆجی،چپی دووەم،چاپخانەی هێڤی،هەولێر٠

٠٢محێددین،بازیان یونس(٢٠١٣)،پەوەندی ئاستی مۆرفۆلۆجی بە ئاستی فۆنۆلۆجی و سینتاکس،چاپی یەکەم،چاپخانەی موکریانی،هەولێر٠

٠٣حاجی مارف،ئەو ڕەحمان (٢٠١٤)،فەرهەنگی زاراوەی زمانناسی،چاپی دووەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر٠

٠٤علی،تالین حوسێن(٢٠١٥)،دەنگسازی،چاپی یەکەم،چاپخانەی ڕۆژهەڵات،هەولێر٠

٠٥دزەیی،عبدالواحید مشیر(٢٠١١)،زاراوە کوردییەکان،چاپی یەکەم،چاپخانەی پاک،هەولێر٠

٠٦خۆشناو،نەریمان عەبدوڵڵا(٢٠١٤)،دەنگسازی،چاپی دووەم،چاپخانەی هێڤی،هەولێر٠

٠٧اسماعیل،هەژار قادر(٢٠١٣)،ڕۆنانی بڕگە و گۆڕانی سنووری بڕگە لە شێوەزاری باڵەکیاندا،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر٠

٠٨سالّح،دەروون عبدالحمان (٢٠١٢)،ئیکۆنۆمی لە ئاستەکانی زمانی کوردیدا،چاپخانەی حاجی هاشم،هەولێر٠

٠٩شوانی،د.ڕەفیق (٢٠٠٩)،زمانەوانی،چاپی یەکەم،چاپخانەی خانی،دهۆک٠

## دووەم:نامە ئەکادیمییەکان:

٠١اسماعیل،هەژار قادر (٢٠٠٩)،ڕۆنانی بڕگە و ئاسانبوونی دەنگ لە زارۆچکەی باڵەکیاندا،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی پەروەردە،هەولێر٠

٠٢علی،فتاح مامە (١٩٨٩)،هاودەنگ لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی ئاداب٠

٠٣بابەکر،نەبەز فتاح (٢٠٠٩)،سیما تایبەتیەکانی شێوەزاری خۆشناوەتی،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی زمان٠

٠٤جەمیل،خەبات هادی (٢٠١٥)،فۆنۆلۆژی بەرهەمهێنان لە زمانی کوردیدا،نامەی ماستەر،زانکۆی سەلاحەدین،کۆلێژی زمان،هەولێر٠

٥٠حەمید،ساکار ئەنوەر (٢٠٢٠)،ئەتڵەسی دەنگسازی شێوەزاری خۆشناوەتی،نامەی دکتۆرا،زانکۆی سەڵاحەدین،کۆلێژی زمان،هەولێر٠

سێیەم:سایتە ئەلیکترۆنیەکان:

١-http://www.chawy kurd.com